# شەرە چەقۆی نێوان هەردوو باڵی حزبی دیموکرات .....

## رزگار کۆچەر

باورناکەم هیچ کات وەك ئێستا جمهوریەتی ئیسلامی ئێران دڵ خۆش بێت تا جاسوسەکانی خۆی بەگر بێخێت بۆ ئەوەی زیاتر ئەو کەلێنەی نێوان هەردوو باڵی حزبی دیموکرات فرەوان تر بێت و بە چەك کۆتای بەکێشەکان بێت , جا نازانم تێکۆشەرانی هەردوو باڵ کە لە تەمەنی من زیاتر خەبات وتێکۆشانیان هەیە دوێنی خوێناوی حزبەکەی خۆیان بیر چوو کاتێك چەندین تێکۆشەری وەك قاسملۆ و شەرفکەندی و زۆرانی تر بەدەستی ئیتلاعات و پیاوانی جمهوریەتی ئیسلامی تیرۆکراون , لەگەل ئەمەش ئەوان لەهەموو کات زیاتر ئێستا کار بۆئەوە دەکەن مێژوی پرشکۆی ئەم حزبە لەبەردەم هەموو ئازادی خوازانی رۆژهەلات بە رابردوێکی تاڵ و پر شەری خۆ کوژی نیشان بدەن نەوك بۆ لاینگرانی هەردوو باڵ بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی بۆ ئازدای وە دەست هێنانی مافی گەلی کورد تێدەکۆشن ...

لەگەل هەموو پیلانەکانی جمهوریەتی ئیسلامی بەرامبەر تێکۆشەرانی رۆژهەلاتی کوردستان , زۆر بەداخەوە ئێستاحزبەکەی قازی لەگەل نزیك بوونەوەی سالوەگەری یاد کردنەوەی یەکەمین کۆماری مهابات لایەنگری هەردوو باڵی گەورەترین حزبی رۆژهەلاتی کوردستان کەوتونەتە گیانی یەکتری و بە چەقۆ یەکتری خەلاتانی خۆین دەکەن و ئاسایش لە نێوان ماڵ و گەرکەکانی بنکەکانی ئەم حزبە بلاو دەبێتەوە تا زیاتر کێشەکان تەشەنە نەکەن !!!

نەگبەتی گەلی کورد لەوەدایە کە ئێمە گەلێکی خۆ خۆرین , دەمێك شەری خۆکوژی حزبەکانی باشور, دەمێکی تر بەر بوونە گیانی یەکتر لەسەر هەلبژاردن و داهاتەکان, دەمێکی تر شەرە پەرۆ , رابردوو شەری برا کوژی سالانی هەشتا هەموو ئەو گرفت وناتێگەیشتنەی کە کادرانی دوێنی سەنگەر ئیمرۆی بەرژەوندی و خۆ رەپێش کردن نازانم لە قازنجی کێ کۆتای دێت ؟؟ ئەگەر قازانجی دوژمنان نەبێت...

هەموو ئەو گرفتانەی ئێستا حزبی دیومکرات هاتۆتە پێشی جارانی حزبی شوعی عێراقم دێنێتەوە یاد . بەتایبەتیش پاش راپەرین کە چەندین جیابوونەوە لە حزبی شوعی رویدا کە ئەنجامەکەشی لە زەعیف کردن و لێ هەلگەرانەوەی ئەندامانی ئەمە حزبە کێشەکان بە هیچی تر بە کۆتا نەهات , دەگێرنەوە ئەو کات لە شارۆچکەیەك بارگایەکی ئەم حزبە هەبوو ئێواران لافیتەیەك دەنوسرا حزبی شوعی عیراق بەیانی دەبوو بە پارتی کار , ئەو قسەیەم تەنها بۆ ئەوە بوو کە ئەو حزبەی سەدا هەشتای عێراق لە زەمەنێك لایەنگری بوون پاش هەموو ئەم جوادا بونەوەیە و ناکۆکی لە نێوان پێشمەرگەکانی دوێنی سەنگەر ...هەموومان دەبینین ئێستا سەنگ و لایەنگرانی ئەم حزبە چۆنن و چەندن پاش هەموو ئەم ئینشقاقانە !!!!

دوایش تکا لە ئاقل و تێکۆشەرانی حزبی دیموکراتی ئێران وهەموو تێکۆشەرانی کوردستان دەکەم رێگا چارەیەك بدۆزنەوە تا شەرە چەقۆ نە بۆتە شەرە ئارپێچی ....